

# ژیان بۆ خودا

## بەرنامەیەک بۆ خوێندنی سیپارەی فیلیپی لەگەڵ باوەڕداران

جۆزێف کاڕۆڵ

# ژیان بۆ خودا

## بەرنامەیەک بۆ خوێندنی
## سیپارەی فیلیپی لەگەڵ باوەڕداران

نووسەر: جۆزێف کاڕۆڵ

جۆزێف کاڕۆڵ یەکێکە لە

پیرەکانی کڵێسای ئیمانوێلی ئینجیلی لە هەولێر

٢٠٢٦ چاپکراوە لە هەولێر

The English version of this book can be found by scanning this QR code.

هەموو ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز لە چاپی کتێبی پیرۆز
وەشانی کوردیی سۆرانی ستاندەر (KSS) وەرگیراوە.
مافی چاپکردنی لە لایەن ڕێکخراوی بلیکاوە پارێزراوە
(١٩٩٨، ٢٠١١، ٢٠١٦، ٢٠٢٠).

دڵسۆزی

دابینکردنی سەرچاوە بۆ یارمەتیدانی باوەڕداران و
کڵێساکان بۆ ژیان بە دڵسۆزی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز

# ناوەڕۆک


پێشەکی........................................................................................3

کۆبوونەوەی یەکەم: کردار ٦:١٦-٤٠.......................................8

وانەی ١: فیلیپی ١:١-١١......................................................13

وانەی ٢: فیلیپی ١٢:١-١٨ ....................................................19

وانەی ٣: فیلیپی ١٩:١-٢٦ ....................................................24

کۆبوونەوەی دووەم: فیلیپی ٢٧:١-٣٠....................................29

وانەی ٤: فیلیپی ١:٢-١١......................................................34

وانەی ٥: فیلیپی ١٢:٢-١٨ ....................................................40

وانەی ٦: فیلیپی ١٩:٢-٣٠ ....................................................46

کۆبوونەوەی سێیەم: فیلیپی ١:٣-١١......................................52

وانەی ٧: فیلیپی ١٢:٣-١٦ ....................................................57

وانەی ٨: فیلیپی ١٧:٣-٢١ ....................................................62

وانەی ٩: فیلیپی ١:٤-٩.........................................................67

کۆبوونەوەی چوارەم: ١٠:٣-٢٣............................................73

# پێشەکی

خودامان بانگمان دەکات بۆ ئەو بژین و لە هەمان کاتدا یارمەتی باوەڕدارانی تریش بدەین تا بۆ خودا بژین. بەڵام چۆن ئەوە بکەین؟ ئەم نامیلکەیە بۆ ئەوە نووسراوە تا یارمەتیت بدات بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، واتە فێر بیت بۆ عیسا بژیت و یارمەتی باوەڕدارانی تریش بدەیت هەمان شت بکەن. من ئەم نامیلکەم نووسیوە تاکو ئەندامانی کلێسا سەرچاوەیەکی باشیان هەبێت بۆ بەهێزکردن و هاندانی یەکتری وەک قوتابی مەسیح. ئەم نامیلکەیە بەرنامەیەکی ٤ هەفتەیی لەخۆدەگرێت کە لەسەر بنەمای سیپارەی فیلیپپییە. مەبەست لەم نامیلکەیە ئەوە نییە کە بە تەنیا بیخوێنیتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە لەگەڵ یەک دوو هاوباوەڕدا بیخوێنن و یەکتری بە قوتابی بکەن. نوێژ دەکەم کە خودا لە ڕێی ئەم بەرنامەیە بەرەکەتتان پێ ببەخشێت و خۆشەویستیتان بۆ خۆی و ئەوانی تریش زیاد بکات.

## ئامانجی ئەم کتێبە

ئەم بەرنامەیە سێ ئامانجی سەرەکی هەیە:

**١ - بۆ ئەوەیە یارمەتیت بدات فێر بیت چۆن بۆ مەسیح بژیت و وەک ڕۆڵەیەکی خودا گەشە بکەیت.**

کۆلۆسی ١: ٢٩ دەڵێت: بۆ ئەمەش ماندوو دەبم و تێدەکۆشم، بەگوێرەی کارەکەی کە بەهێزەوە لە مندا کار دەکات.

باوەڕدارانی نوێ وەک بەدیهێنراوێکی نوێ وەسف دەکرێن. کاتێک ڕزگار دەبین، دووبارە لەدایک دەبینەوە و وەک منداڵێکی ساوامان لێدێتەوە لە مەسیحدا. کەواتە هەموو باوەڕدارێک دەبێت گەشە بکات بۆ ئەوەی پێگەیشتوو بێت و بتوانێت لە ڕۆژی دواییدا لەبەردەم خودا بوەستێت وەک کەسێک کە بۆ خودا ژیاوە لە دونیا. هیوادارم ئەم بەرنامەیە یارمەتیت بدات لە مەسیحدا پێگەیشتووتر بیت و فێرببیت کە چۆن وەک باوەڕدارێک گەشە بکەیت لە باوەڕەکەتدا.

**٢ - بۆ ئەوەیە فێرت بکات کە چۆن کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە و بە قوڵی نوێژ بکەیت.**

دووەم تیمۆساوس ٣: ١٦-١٧ دەڵێت: هەموو نووسراوە پیرۆزەکان لە سروشی خودان، سوودبەخشن بۆ فێرکردن و

سەرزەنشت و ڕاستەڕێکردن و لێڕاهێنان لە ڕاستودروستی، تاکو پیاوی خودا تەواو ئامادە بێت بۆ هەموو کارێکی باش.

پەروەردگار چەندین ڕێگەی پێداوین بۆ ئەوەی لە باوەڕماندا گەشە بکەین. بڕۆ بۆ کڵێسا، بەشداری لە نانلەتکردن بکە، مزگێنی بدە بە بێباوەڕان، هاوڕێیەتی باوەڕداران بکە، کتێبی پیرۆز بخوێنەوە و بەردەوام نوێژ بکە. ئەم بەرنامەیە بۆ ئەوە دانراوە کە یارمەتیت بدات خووی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە ماڵەوە و نوێژکردنی ڕۆژانەت هەبێت. ئەمە یەکێکە لە گرنگترین شتەکان کە دەتوانیت بیکەیت بۆ ئەوەی لەگەڵ مەسیحدا بەهێز بیت. دەتەوێت گوێبیستی خودا بیت و لێی فێر بیت؟ ئەوا وشەی خودا بخوێنەوە، پەیامەکەی زیندووە، لە گوناه دەتپارێزێت و یارمەتیت دەدات خودا بناسیت.

**٣ - بۆ ئەوەی فێرت بکات کە چۆن باوەڕدارانی تر بەهێز بکەیت بە کۆبوونەوە لەگەڵیان و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و پێکەوە نوێژکردن.**

ئەم بەرنامەیە بۆ ئەوە دانراوە کە لەگەڵ ئەندامێکی تری کڵێسا ئەنجام بدرێت. ئەمە یارمەتیتان دەدات باشتر یەکتر بناسن. کاتێک لەگەڵ ئەندامێکی تر کۆدەبیتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە، هیوادارم کە بزانیت چۆن

کەسانی دیکە بکەیتە قوتابی مەسیح لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، باسکردنی کاروباری ژیان و نوێژکردن لەگەڵیان. لە خودا دەپاڕێمەوە کە ئەم ئەزموونە هانتان بدات و ئامادەتان بکات بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتر بن تاکو زیاتر گەشە بکەن لە باوەڕدا.

## چۆنیەتی جێبەجێکردنی بەرنامەکە

بەپێی خشتەی ئەم بەرنامەیە پێویستە چوار جار کۆ ببنەوە. بۆ نموونە هەفتەی جارێک یان بەپێی ئەو کاتەی کە بە گونجاوی دەبینن بۆ خۆتان. دوای هەر کۆبوونەوەیەک سێ وانە هەیە کە پێویستە لەماڵەوە ئەنجامی بدەن پێش ئەوەی لە کۆبوونەوەی داهاتوو یەکتر ببیننەوە. هەر یەکێک لە وانەکانی ماڵەوە نزیکەی ١٥ خولەکی دەوێت بۆ ئەنجامدانی. هەریەکێک لەم وانانەی کە لە ماڵەوە ئەنجامی دەدەیت بریتییە لە: خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، پرسیار و وەڵام (بۆ ئەوەی ورد ببیتەوە لەسەر ئەوەی دەیخوێنیتەوە) و نوێژ کردن. هانتان دەدەم کە وەڵامی پرسیارەکانتان بنووسن چونکە ئەمە یارمەتیت دەدات بیر لەوە بکەیتەوە کە چی دەخوێنیتەوە، پاشانیش بتوانیت نوێژی لەسەر بکەیت.

هانتان دەدەم لەگەڵ ئەندامێک کۆببنەوە بۆ هەفتەی جارێک. هەروەها هەندێک ئایەت هەیە بۆ لەبەرکردن. هیوادارم لە کۆتایی ئەم بەرنامەیەدا ئەو ئایەتانەت لە فیلیپی لەبەرکردبێت.

# کۆبوونەوەی یەکەم

## کاری خودا بۆ دامەزراندنی کڵێسا لە فیلیپی

کردار ١٦: ٦-٤٠

### یەکتر باشتر بناسن

- لە یەکتر بپرسن سەبارەت بە خێزان و کارەکانتانەوە.
- باسی سەختییەکان و خۆشییەکانی ژیانتان بکەن لە ئێستادا.
- باسی چیرۆکی باوەڕهێنانتان بە مەسیح بکەن.

### ناسینی سیپارەی فیلیپی

ئەم بەرنامەیە لەسەر سیپارەی فیلیپییە. سیپارەی فیلیپی نامەیەکە کە لەلایەن پۆڵسی نێردراوی خوداوە نووسراوە بۆ کڵێسایەک لە شارێک بە ناوی فیلیپی کە لە وڵاتی یۆنانی ئێستایە.

پۆڵس لە سەردەمی عیسادا ژیاوە. زۆرێک لە سیپارەکانی پەیمانی نوێ ئەو نووسیویەتی، بەڵام لە ١٢ قوتابییەکە نەبووە. جولەکەیەک بوو کە دژایەتییەکی زۆری باوەڕدارانی دەکرد و دەیچەوساندنەوە. پاشان عیسا بۆی دەرکەوت و باوەڕی بە عیسا هێنا. خودا وەک نێردراو دیاری کرد و پۆڵس بوو بە مزگێنیدەرێکی گەورە و مزگێنی برد بۆ

زۆر شوێن کە هێشتا پەیامی مزگێنیان پێ نەگەیشتبوو. ئەگەر بتەوێت زیاتر دەربارەی گۆڕانی ئەو بزانیت، دەتوانیت لە کردار ٩: ١-١٩دا لەبارەیەوە بخوێنیتەوە.

سیپارەی کردار باس لەوە دەکات کە چۆن قوتابییەکانی عیسا مزگێنییان لە شار و وڵاتانی دیکە بڵاودەکردەوە و دوای ئەوەی عیسا بۆ ئاسمان بەرزبووەوە. لە کردارد ١٦دا پێمان دەڵێت کە کڵێسای فیلیپی چۆن دامەزراوە. ژنێکی بازرگان و زیندانییەک و خێزانەکەی هەموویان لە ڕێگەی پۆڵسەوە باوەڕیان هێنا کاتێک پۆڵس چووە فیلیپی و مزگێنی رادەگەیاند. بەڵام هەندێک کەس دژی پۆڵس بوون، پۆڵس لێیدرا و خرایە زیندانەوە. پۆڵس بەهۆی چەوساندنەوەی ناچار بوو شارەکە بەجێبهێڵێت. بەڵام ئەو خەڵکەی کە لە ڕێگەی مزگێنیدانی ئەوەوە ڕزگاریان ببوو، پێکەوە وەک کڵێسا لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە. هەرچەندە سەردانەکەی پۆڵس بۆ فیلیپی کورت بوو، بەڵام خودا پۆڵسی بەکار هێنا بۆ دامەزراندنی کڵێساکەی فیلیپی.

دوای چەند ساڵێک، پۆڵس بەهۆی مزگێنیدانەوە لە ڕۆما خرایە زیندانەوە. پۆڵس لە زیندانی ڕۆما ئەم نامەیەی بۆ کڵێسای فیلیپی نووسی. کڵێسای فیلیپیش پشتگیری پۆڵسی دەکرد لە کارەکانیدا کە مزگێنی بباتە شار و ناوچە جیاوازەکان. بۆیە بەگشتی پۆڵس ئەم نامەیەی بۆ ئەوە

نووسیوە کە سوپاسی پشتگیریان بکات و هانیان بدات بەردەوام بن لە ژیان بۆ خودا. کەوایە بە گشتی پۆڵس ئەم نامەیەی بۆ باوەڕدارانی فیلیپی لەبەر ئەم هۆکارانە نووسیوە:

- هاندانیان تا بۆ عیسا بژین
- یارمەتیدانیان تا لە کاتە سەختەکاندا وەک باوەڕدارێک بەردەوام بن
- مزگێنی عیسایان بیر بخاتەوە
- ڕێنماییان بکات کە چۆن وەک قوتابی مەسیح بە یەکگرتوویی پێکەوە بژین.

## خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

کردار ١٦: ٦-٤٠ بخوێنەوە. ئەم ئایەتانە باس لەوە دەکەن کە چۆن پۆڵس بۆ یەکەمجار سەردانی شاری فیلیپی کردووە و لەوێ کڵێسای دامەزراندووە.

## پرسیار بۆ گفتوگۆ

١. چی سەرسامت دەکات سەبارەت بە دامەزراندنی کڵێسا لە فیلیپی؟

٢. ئەو تاقیکردنەوانە چین کە پۆڵس و یەکەم باوەڕداران لە فیلیپی ڕووبەڕوویان بوونەوە؟

٣. چۆن مزگێنی مەسیح لە بڕگەکەدا دەبینیت؟

٤. چ تاقیکردنەوەیەک دەبینیت کە ئەمڕۆ دژایەتی کڵێساکەمان و گەشەکردنی دەکات؟ چ هیوایەکمان هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەم بەربەستانە؟

٥. چۆن بەروبوومی باوەڕ و بەڵگەی لەدایکبوونەوە لە ژیانی ئەو کەسانەدا دەبینیت کە لە فیلیپی بوونەتە باوەڕدار؟

٦. لە نموونەی پۆڵس لە گەشتەکەیدا بۆ فیلیپی چی فێر دەبیت و حەز دەکەیت چۆن لە ژیانتدا بەکاری بهێنیت؟

## پێکەوە نوێژکردن

پێش ئەوەی نوێژ بکەن، لە یەکتر بپرسن کە چۆن و لەسەر چی نوێژ بۆ یەکتری بکەن. هەروەها باس لەوە بکەن کە دوعای چی بۆ کڵێساکەمان بکەین. ئێستا هەر دووکتان نوێژ بۆ یەکتر بکەن.

## لەبەرکردنی ئایەت

ئەم هەفتەیە، ئەم ئایەتە لەبەر بکە.

فیلیپی ١:٦

لەمەشدا دڵنیام، خودا کە لە ئێوەدا ئەم ئیشە چاکەی دەستپێکردووە، هەتا ڕۆژی عیسای مەسیح تەواوی دەکات.

## چی لە دوای ئەوە دێت؟

سێ وانەی داهاتوو بە تەنیا لە ماڵەوە ئەنجام بدە و دواتر جارێکی تر کۆببنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کۆبوونەوەی دووەم.

## پێشنیار

ئەم هەفتەیە لە یەک دانیشتندا تەواوی کتێبی فیلیپی بخوێننەوە. ئەمە تەنها نزیکەی ١٥ خولەکی دەوێت. لە جیاتی ئەوەی بە پچڕ پچڕی لە چەند ڕۆژێکدا بیخوێننەوە، هەوڵبدەن بە یەکجار هەموو بەشەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی دەستت بە بیرۆکە سەرەکییەکەی سیپارەکە بگات. پاشان لەگەڵ خوێندن و خوێندنەوەی هەر بەشێک بە وردی، باشتر تێدەگەیت کە ئەو بەش و بڕگانە چۆن لەگەڵ تەواوی سیپارەی کتێبەکە دەگونجێن.

# وانەی ١

## سوپاسگوزاری و نوێژکردن بۆ ئەوانی تر

## فیلیپی ١: ١-١١

### نوێژکردن پێش خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

چاوم بکەرەوە تاکو ئەوانە ببینم، کردەوە سەرسوڕهێنەرەکان لە فێرکردنت. (زەبوورەکان ١١٩: ١٨)

### پوختەی ئایەتەکان

لەم ئایەتانەدا پۆڵس سوپاسگوزاری خۆی بۆ کارەکانی خودا دەردەبڕێت بۆ ڕزگارکردنی باوەڕدارانی فیلیپی. هەروەها سوپاسیان دەکات بۆ هاوبەشییان لە مزگێنیدان و نوێژیشیان بۆ دەکات کە لە باوەڕدا گەشە بکەن.

### خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ١: ١-١١

## وەڵامی ئەم پرسیارانە بنووسە

١. لە ئایەتی ١دا، پۆڵس چۆن باسی خۆی دەکات؟

٢. بوون بە بەندەی مەسیح واتای چییە؟

٣. لە ئایەتی ١دا، چۆن پۆڵس باسی ئەوانە دەکات کە ئەم سیپارەی بۆ نووسیون؟

٤. بۆچی خەڵکی فیلیپی پیرۆزن؟

٥. پۆڵس لە ئایەتەکانی ٣ - ٦دا چۆن پێناسەی سوپاسگوزاری دەکات؟

٦. دوعای پۆڵس بۆ کڵێسای فیلیپی لە ئایەتەکانی ٩-١١ چیمان فێر دەکات سەبارەت بەوەی کە چۆن دەبێت دوعا بۆ باوەڕدارانی تر بکەین؟

______________________________________

______________________________________

______________________________________

______________________________________

______________________________________

## فێرکارییەکی کورت لە ئایەتەکانەوە

**دانبەخۆداگرتنی گەلی پیرۆزی خودا**

فیلیپی ١: ٦ دەڵێت: "لەمەشدا دڵنیام، خودا کە لە ئێوەدا ئەم ئیشە چاکەی دەستپێکردووە، هەتا ڕۆژی عیسای مەسیح تەواوی دەکات." ئەو ئیشە چاکەی کە ئەم ئایەتە ئاماژەی پێدەکات، کاری ڕزگاربوونە. کەواتە ئەم ئایەتە فێری ئەوەمان دەکات کە ئەگەر خودا کاری ڕزگاری لە ژیانتدا دەست پێکرد، واتە دووبارە لە دایک بوونەوە، خودا خۆی ئەو کارە تەواو دەکات، ئەویش بە پاراستنی ڕۆحت لە شەیتان و رابەرایەتیکردنت تا رۆژی دوایی بۆ چوونە بەهەشتەکەی.

ئەمە ڕاستییەکی ئێجگار جوانە کە لە کتێبی پیرۆزدا دەیبینین. ئەوانەی بەڕاستی ڕزگاریان بووە، باوەڕیان هێناوە و تۆبەیان کردووە لە گوناە، هی ئەون. خودا ناهێڵێت باوەڕدار رزگاربوونەکەی لەدەست بدات. لەوانەیە باوڕداران بکەونە ناو گوناهەوە و ڕۆحی پیرۆز خەمبار بکەن و رۆحی پیرۆزیش نیعمەت و ئاسوودەییەکانیان تێکبدات. هەروەها سەرزەنشتکردن بەسەر کڵێسا و حوکمدانی کاتی بەسەر خۆیاندا دەهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە نوێ دەکرێنەوە بۆ تۆبەکردن و بە هێزی خودا لە ڕێگەی باوەڕەوە دەپارێزرێن. ئەم ڕاستییە بیانوو نییە بۆ بەردەوامبوون لە گوناهدا، چونکە یەکەم یۆحەنا ٣: ٩ دەڵێت: "هەرکەسێک لە خوداوە لەدایک بووبێت بەردەوام نابێت لە گوناهکردن، چونکە تۆوی خودای تێدا دەچەسپێت. ناتوانێت بەردەوام بێت لە گوناهکردن، لەبەر ئەوەی لە خوداوە لەدایک بووە." بەڵام ئەم ڕاستییە هانمان دەدات و دڵنیامان دەکاتەوە کە سەر بە خوداین و دەزانین ئێمە تەنیا نین لە هەوڵەکانماندا بۆ ئەوەی دڵسۆز بین بۆ عیسای مەسیح. ئێمە دەزانین کە خودا لە ئێمەدا کاردەکات و دەمانپارێزێت تا رۆژی دوایی تا لە باوەڕدا خۆڕاگر بین.

## نوێژ

لەم بڕگە ئەو شتە چییە کە بتەوێ ستایشی خودا بکەیت لەسەری؟

---

چ گوناهێکی تۆ هەیە لەم بڕگەیە کە ئاماژەی پێکردووە و پێویستە دانیپێدا بنێیت؟

---

ئەمڕۆ بەپێی ئەم بڕگەیە داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ خۆت؟

---

داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ کڵێسا یان ئەندامێکی تری کڵێسا؟

---

نوێژ بۆ چ بێباوەڕێک دەکەیت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت؟

---

ئەمڕۆ دەتوانیت لەسەر چی سوپاسی خودا بکەیت؟

---

## ڕاهێنان لەسەر ئەو ئایەتەی کە بۆ لەبەرکردنە!

فیلیپی ١:٦

لەمەشدا دڵنیام، خودا کە لە ئێوەدا ئەم ئیشە چاکەی دەستپێکردووە، هەتا ڕۆژی عیسای مەسیح تەواوی دەکات.

# وانەی ٢

بەرەوپێشبردنی مزگێنی

فیلیپی ١: ١٢-١٨

## نوێژکردن پێش خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

با بەیانییان گوێم لە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت بێت، چونکە من پشت بە تۆ دەبەستم. ئەو ڕێگایەم پیٚ بناسێنە کە دەیگرمەبەر، چونکە گیانی خۆم بە تۆ دەسپێرم.
(زەبوورەکان ١٤٣: ٨)

## پوختەی ئایەتەکان

لەم ئایەتانەدا پۆڵس بە کڵێسای فیلیپی دەڵێت کە هەر چەندە زیندانیە، بەڵام هێشتا مزگێنی ڕادەگەیەنرێت و بڵاودەبێتەوە و ئەمەش گرنگترین شتە.

## خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ١: ١٢-١٨ بخوێنەوە.

## وەڵامی ئەم پرسیارانە بنووسە

١. پۆڵس کە یەکێک بوو لە گەورەترین مزگێنیدەرەکان بەهۆی بانگەشەی مزگێنییەوە خرایە زیندانەوە. ئێمە پێمان وابوو ئەمە دەبێتە هۆی ترساندنی باوەڕدارانی تر و وەستاندنی بڵاوبوونەوەی مزگێنی. بەڵام ئایەتەکانی ١٢ - ١٤ دەڵێن دەرئەنجامی زیندانیکردنی چی بووە؟

---

٢. لە ئایەتی ١٧دا پۆڵس باس لە کەسانێک دەکات کە دەیانەوێت کێشەی بۆ دروست بکەن. هەڵوێستی پۆڵس لە بەرامبەر دژایەتی کردنی ئەو خەڵکە چی بوو؟

---

---

٣. چۆن و بۆچی مزگێنی هۆکارێکمان پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی لە بەرامبەر سەختییەکاندا دڵخۆش بین؟

---

---

# فێرکارییەکی کورت لە ئایەتەکانەوە

## مزگێنیدان

مزگێنیدان بریتییە لە قسەکردن بە مزگێنییەکەی عیسای مەسیح بە ئامانجی قەناعەت پێهێنانی خەڵک بۆ تۆبەکردن لە گوناهەکانیان و باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح. لە کاتێکدا ڕەنگە هەندێک لە باوەڕداران لە هەندێکی تر بەهرەمەندتر بن لە مزگێنیدان، بەڵام خودا هەموو باوەڕداران بانگ دەکات بۆ ئەوەی مزگێنی مەسیح رابگەیەنن. خودا شانشینی خۆی فراوان دەکات لە ڕێگەی باوەڕدارانی وەک تۆ کە مزگێنی بە کەسانی تر دەدات. کاتێک سەیری خێزان و هاوڕێ و دراوسێکانمان دەکەین، ڕەنگە وا بیربکەینەوە کە مەحاڵە ئەوان لە ڕێگەی مزگێنیدانی ئێمەوە باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنن. بەڵام ئەوەت لەبیر بێت کە تۆش باوەڕدار نەبوویت و مزگێنیت پێدرا و خودا دڵی کردیتەوە و ڕزگاری کردیت. بۆیە تۆش دەتوانیت هەمان شت بۆ کەسانی نزیکی خۆت بکەیت. خودا توانای گۆڕینی ڕەقترین دڵی هەیە. ئێمە بانگکراوین بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی عیسای مەسیح بین و مزگێنییەکەی رابگەیەنین، تەنانەت ئەگەر مەترسی و چەوسانەوەشی لە دوا بێت. خودا خۆی وا دەکات مزگێنیدانەکەت بەرهەمی هەبێت. بۆ ئەوەی لە مزگێنیدا گەشە بکەیت، لێرەدا چەند چالاکییەک دەخەینەڕوو کە دەتوانیت بیکەیت.

- به دڵ پەیامی مزگێنی فێربە. چەند ئایەتێکی کتێبی پیرۆز فێربە کە باس لە مزگێنی دەکەن تا بتوانیت لەگەڵ کەسانی بێباوەڕدا باسی بکەیت.
- ناوی چەند هاوڕێیەکی بێباوەڕ بنووسە و بە بەردەوامی دوعایان بۆ بکە و پلان دابنێ بۆ ئەوەی مزگێنییان لەگەڵدا باس بکەیت.
- داوا لە باوەڕدارێکی پێگەیشتووتر بکە کە یارمەتیت بدات بۆ گەشەکردن لە مزگێنیدان.

## نوێژ

ئەو شتە چییە لەم بڕگەیە کە بتەوێ ستایشی خودای لە سەر بکەیت؟

---

چ گوناهێک هەیە کە ئەم بڕگەیە ئاماژەی پێکردووە و پێویستە دانیپێدا بنێیت؟

---

ئەمڕۆ بەپێی ئەم بڕگەیە داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ خۆت؟

---

داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ کڵێسا یان ئەندامێکی تری کڵێسا؟

نوێژ بۆ چ بێباوەڕێک دەکەیت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت؟

ئەمڕۆ دەتوانیت لەسەر چی سوپاسی خودا بکەیت؟

## راهێنان لەسەر ئەو ئایەتەی کە بۆ لەبەرکردنە!

فیلیپی ١:٦

لەمەشدا دڵنیام، خودا کە لە ئێوەدا ئەم ئیشە چاکەی دەستپێکردووە، هەتا ڕۆژی عیسای مەسیح تەواوی دەکات.

# وانەی ٣

## لەنێوان دوو جیهاندا

## فیلیپی ١: ١٩-٢٦

## نوێژکردن پێش خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

"ئەی یەزدان، ڕێگای خۆتم فێر بکە، بۆ ئەوەی بە ڕاستی تۆ بڕۆم، دڵم یەک بخە بۆ ترسی ناوەکەت" (زەبوورەکان ٨٦: ١١).

## پوختەی ئایەتەکان

لەم ئایەتانەدا پۆڵس دڵنەوایی باوەڕدارانی فیلیپی دەکات. دەڵێت متمانەم هەیە کە خودا یارمەتیتان دەدات سەرەڕای سەختییەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ مەسیحدا گەشە بکەن.

## خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ١: ١٩-٢٦

## وەڵامی ئەم پرسیارانە بنووسە

١. لە ئایەتی ٢١دا پۆڵس دەڵێت "بۆ من ژیان مەسیحە." ئەمە مانای چییە؟

______________________________________________

______________________________________________

٢. بە پێی ئەم ئایەتانە باوەڕدار دوای مردن چ هیوایەکی هەیە؟ لە دوای مردن باوەڕدار چی بەدەست دەهێنێ؟

______________________________________________

______________________________________________

٣. بۆچی پۆڵس دەڵێت باشترە بۆ ئەو لەم جیهانەدا بمێنێتەوە؟

______________________________________________

______________________________________________

٤. لە ژیانی تۆدا چ هیوا و مەبەستێک هەیە؟

## فێرکارییەکی کورت لە ئایەتەکانەوە

**بەخشینی رۆحی پیرۆز لەلایەن خوداوە**

لە ئایەتی ١٩دا، پۆڵس باس دەکات کە خودا چۆن رۆحی پیرۆزی پێ بەخشیوە تاکو یارمەتی پۆڵس بدات. خودا دیاریی ڕۆحی پیرۆزی بە هەموو باوەڕداران داوە. رۆحی پیرۆز لە ناوماندا دەژی تا لە شەیتان و گوناە بمانپارێزێت و دڵنەواییمان بکات و بەهێزمان بکات بۆ ئەوەی بۆ خودا بژین. دەنگ و رابەرایەتی ڕۆحی پیرۆز هەرگیز دژایەتی وشەکانی کتێبی پیرۆز ناکات. لەم ئایەتانەدا دەبینین کە پێدانی ڕۆحی پیرۆز لەلایەن خوداوە لە چەندین ڕووەوە یارمەتی پۆڵسی داوە. ڕۆحی پیرۆز یارمەتی پۆڵسی دا کە هیوای هەبێت لەناو ئازارەکانیدا، جا لە هەر بارودۆخێکدا بێت. پۆڵس بەو هیوایە دەژیا و کاری دەکرد کە بتوانێت زیاتر مەسیح و مزگێنییەکەی

بە جیهان بناسێنێت. رۆحی پیرۆز یارمەتی پۆڵسی دا هیوای ئەوەی هەبێت کە دوای ئەم ژیانە، بۆ هەمیشە لەگەڵ عیسای مەسیح بژی. رۆحی پیرۆز پۆڵسی بەهێز کرد تا ئارەزووی ژیان بۆ مەسیح بکات و بەو مەبەستەوە بژی کە یارمەتی باوەڕدارانی تریش بدات لە باوەڕدا گەشە بکەن. بۆیە لەبیرت بێت کاتێک بۆ خودا دەژیت، تەنیا نیت. ڕۆحی پیرۆزی خودا لەگەڵتە بۆ ئەوەی بەهێزت بکات و بۆ خودا بژیت.

## نوێژ

ئەو شتە چییە لەم بڕگەیە کە بتەوێت ستایشی خودای لەسەر بکەیت؟

---

چ گوناهێک هەیە کە ئەم بڕگەیە ئاماژەی پێکردووە و پێویستە دانیپێدا بنێیت؟

---

ئەمڕۆ بەپێی ئەم بڕگەیە داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ خۆت؟

---

داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ کڵێسا یان ئەندامێکی تری کڵێسا؟

---

نوێژ بۆ چ بێباوەڕێک دەکەیت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت؟

---

ئەمڕۆ دەتوانیت لەسەر چی سوپاسی خودا بکەیت؟

---

## ڕاهێنان لەسەر ئەو ئایەتەی کە بۆ لەبەرکردنە!

فیلیپی ١:٦

"لەمەشدا دڵنیام، خودا کە لە ئێوەدا ئەم ئیشە چاکەی دەستپێکردووە، هەتا ڕۆژی عیسای مەسیح تەواوی دەکات."

# کۆبوونەوەی دووەم

## ژیانێک بژی کە شایەنی مزگێنی بێت

## فیلیپی ١: ٢٧-٣٠

**چاک و چۆنی و گفتوگۆ بکەن و گرنگی بە یەکتر بدەن**

- چۆنی باشی؟
- ئەو شتانە چین کە لەم دواییانەدا دڵخۆشی کردووی؟
- چ شتێکی سەخت و بێزارکەر لە ژیانتدا هەیە لە ئێستادا؟
- هیچ پرسیارێکت بۆ درووست بوو لە وانەکانی ڕابردوو یان خوا هیچ شتێکی گرنگی پیشان دایت لەو وانانەوە؟

## پوختەی ئایەتەکان

لەم ئایەتانەدا پۆڵس دەڵێت ئەگەر لە زیندان دەرنەچێت و جارێکی تر نەیانبینێتەوە، پێویستە ژیانێک بژین کە شایەنی پەیامی مزگێنی مەسیح بێت. هەروەها ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی بە هۆی شوێنکەوتنی مەسیح، ئازار دەچێژن، چونکە کەسانێک هەن دژایەتیان دەکەن.

## خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ١: ٢٧-٣٠

## پرسیار بۆ گفتوگۆ

١. ئەو پەیامە چییە کە پۆڵس لە ئایەتی ٢٧ باسی دەکات؟

٢. لە ئایەتی ٢٧ دا پۆڵس دەڵێت ئەگەر لە زیندان دەرنەچێت و جارێکی تر نەیانبینێتەوە، ئەوا پێویستە ژیانێک بژین کە شایەنی پەیامی مزگێنی مەسیح بێت. ژیانێک کە شایەنی پەیامی مزگێنی مەسیح بێت مانای چییە؟ ئایا مانای ئەوەیە ئێمە ژیانێکی هێندە باش بۆ خودا بژین تا خودا ڕزگارمان بکات و لە گوناهەکانمان خۆش بێت؟

٣. بەپێی ئایەتی ٢٧، ئەوانەی ژیانێک دەژین کە شایەنی مزگێنی مەسیح بێت دەبێت چی بکەن؟

٤. پۆڵس هیوادارە کە کڵێسای فیلیپی لە یەک ڕۆحدا چەسپاوبن و بە یەک دڵ تێبکۆشن لە پێناو ئەو باوەڕەی کە لەسەر بناغەی پەیامی مزگێنییە. چی وا دەکات ئەم کارە بۆ کڵێساکەمان و بۆ ژیانت قورس بێت؟ چۆن دەتوانین یارمەتی کڵێساکەمان بدەین بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، واتە لە یەک ڕۆحدا چەسپاو بین و بە یەکگرتووییەوە و بە دڵ تێبکۆشین لە پێناو باوەڕمان؟

٥. پۆڵس لە ئایەتەکانی ٢٨-٣٠ باوەڕداران ئاگادار دەکاتەوە کە ڕووبەڕووی کەسانێک دەبنەوە کە دژایەتیان دەکەن. هەروەها

بەهۆی شوێنکەوتنی مەسیحەوە ئازار دەچێژن. چ ترسێکت هەبووە یان هەیە سەبارەت بە ئازار چەشتن لە پێناو مەسیح لەسەر دەستی ئەو کەسانەی دژایەتیت دەکەن؟

٦. چۆن ڕاستی مزگێنی مەسیح یارمەتیت دەدەن ڕووبەڕووی ئازار و چەوساندنەوە ببیتەوە لە ژیانتدا؟

## فێرکارییەکی کورت لە ئایەتەکانەوە

**گەلی خودا دەچەوسێنرێنەوە**

پۆڵس لە زیندانەوە ئەم نامەیەی نووسی. لەبەر ئەوەی بانگەشەی مزگێنی دەکرد خرایە زیندانەوە. ئایەتی ٢٩ پێمان دەڵێت کە وەک چۆن ڕزگاربوونمان پێدراوە، بەهەمان شێوە ئازاریشمان پێدراوە. عیسای مەسیحی ڕزگارکەرمان ئازاری چەشت و لە خاچدرا. بۆیە ئێمە وەک شوێنکەوتووانی ئەو دەبێت بزانین و ئامادە بین کە ئێمەش ئازار دەچێژین. دووەم تیمۆساوس ٣: ١٢ پێمان دەڵێت "هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بە لەخواترسییەوە بە یەکبوون لەگەڵ عیسای مەسیح بژین، دەچەوسێنرێنەوە." نابێت چەوساندنەوە و دژایەتیکردنی شوێنکەوتوانی مەسیح بۆ ئێمە شتێکی سەرسوڕهێنەر بێت. ئایا بەهۆی شوێنکەوتنی عیسا ڕووبەڕووی ئازار دەبیتەوە؟ بە هیواوە بەرگە بگرە. لەبیرت بێت کە هیچ ئازار و

چەوساندنەوەیەک ناتوانێت لە خودا جیاتان بکاتەوە (ڕۆما ٨: ٣١-٣٩). دەتوانین "لە تەنگانەشدا شانازی بکەین، دەزانین تەنگانە دانبەخۆداگرتن دروستدەکات، دانبەخۆداگرتنیش ئەزموون، ئەزموونیش هیوا، هیواش نابێتە هۆی شەرمەزاری، چونکە خۆشەویستی خودا ڕژاوەتە ناو دڵمان، بە ڕۆحی پیرۆز کە پێمان دراوە" (ڕۆما ٥: ٣-٥). یاقوب ١: ١٢ دەڵێت: "خۆزگە دەخوازرێت بەوەی بەرگەی تاقیکردنەوە دەگرێت، چونکە سەلمێنرا تاجی ژیان وەردەگرێت، ئەوەی خودا بەڵێنی داوە بیدات بەوانەی خۆشیان دەوێت."

## پێکەوە نوێژ بکەن

پێش ئەوەی نوێژ بکەن، لە یەکتر بپرسن کە چۆن و لەسەرچی نوێژ بۆ یەکتری بکەن. هەروەها باس لەوە بکەن کە چۆن و لەسەرچی نوێژ بۆ کڵێساکەمان بکەین. ئێستا پێکەوە نوێژ بکەن بۆ یەکتر.

## ئایەتی لەبەرکراو

پرسیار لە یەکتری بکەن: فیلیپی ١: ٦ت لەبەرکردووە؟

ئەمەی خوارەوەش ئایەتی داهاتووە بۆ لەبەرکردن...
فیلیپی ٢: ٣-٤

هیچ شتێک بە خۆپەرستی و لووتبەرزییەوە مەکەن، بەڵکو بە شێوەیەک بێفیز بن کە بەرامبەرەکەتان لە خۆتان بە باشتر بزانن. تەنها بایەخ بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆتان مەدەن، بەڵکو با هەریەکەتان بایەخ بە بەرژەوەندی خەڵکی دیکەش بدات.

## دواتر چی بکەین؟

سێ وانەی داهاتوو بە تەنیا لە ماڵەوە ئەنجام بدە و دواتر جارێکی تر کۆببنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کۆبوونەوەی سێیەم.

# وانەی ٤

## خۆ نزم کردنەوە و بەرزکردنەوەی مەسیح

## فیلیپی ٢: ١-١١

### نوێژکردن پێش خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

لە ڕاستی خۆت ڕێنماییم بکە و فێرم بکە، چونکە تۆ خودای ڕزگارکەری منیت، بە درێژایی ڕۆژ هیوام هەر بە تۆیە (زەبوورەکان ٢٥: ٥).

### پوختەی ئایەتەکان

لەم ئایەتانەدا پۆڵس بانگەوازی کڵێسای فیلیپی دەکات کە بە بێفیزی و گرنگیدان بە یەکترییەوە یەکبگرن. پۆڵس مزگێنی مەسیح وەک بنەمای ڕێنماییەکانی بەکاردەهێنێت، کە مەسیح تا مردن خۆی نزمکردەوە و پاشانیش بەرزکرایەوە بۆ شکۆمەندی.

### خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ٢: ١-١١

## وەڵامی ئەم پرسیارانە بنووسە

١. بەگوێرەی ئایەتی ١، کاریگەرییەکانی یەکبوونمان لەگەڵ مەسیح چییە؟

______________________________

______________________________

٢. چۆن هاندراویت و دڵنەوایی کراویت یان بەزەییت وەرگرتووە لە ژیانتدا بە یەکبوون لەگەڵ خودا لە ڕێگەی مەسیحەوە؟

______________________________

______________________________

______________________________

٣. کاتێک پۆڵس لەم ئایەتانە دەڵێت "ئەگەر"، مانای ئەوە نییە کە گومانی لە ڕزگاربوونیان هەیە، بەڵکو دەڵێت کە ڕزگاربوونیان دەبێت کاریگەری لەسەر چۆنیەتی ژیانیان هەبێت. لە ژێر ڕۆشنایی یەکگرتنیان لەگەڵ مەسیحدا. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە: پۆڵس لە ئایەتی ٢-٤ بانگیان دەکات چی بکەن؟

____________________________________________

____________________________________________

____________________________________________

٤. چۆن وەسفی عیسای مەسیح لە ئایەتەکانی ٦-١١ پاڵنەرێکە بۆ پابەندبوون بە فەرمانی ئایەتەکانی ٣-٤؟

____________________________________________

____________________________________________

## فێرکارییەکی کورت لە ئایەتەکانەوە

### گرنگی ئەو ڕاستییەی کە عیسای مەسیح بە تەواوی خودا و بە تەواوی مرۆڤیشە

ئایەتەکانی ٦-١١ باس لە بە جەستەبوونی عیسای مەسیح و چۆنیەتی ئازارەکانی وەک مرۆڤێک دەکات، لە هەمان کاتدا باس لە زیندووبوونەوە و خودایەتیەکەشی دەکات. ئەمە شتێک نییە کە بە تەواوی لێی تێبگەین، عیسای مەسیح بە تەواوی مرۆڤ و خودایە. بەڵام کتێبی پیرۆز ئەم ڕاستییەمان بە ڕوونی فێر دەکات. ئەمە کرۆکی مزگێنیە. دەبوایە ڕزگارکەر مرۆڤ بێت بۆ ئەوەی لە سروشتی مرۆڤدا بە تەواوی گوێڕایەڵی هەموو یاساکانی خودا بێت و سزای گوناهی مرۆڤیش بچێژێت، هەروەها هاوسۆزی لاوازییەکانیشمان بێت (عیبرانییەکان ٢: ١٤-١٨). پێویست بوو ڕزگارکەر خودا بێت بۆ ئەوەی بتوانێت هێزی بەرەنگاربوونەوەی گوناهی هەبێت و هەرگیز نەکەوێتە ناو تەڵەکانی شەیتانەوە. ئەو دەبوایە خودا بێت تاکو بەهۆی سروشتە خواییەکەیەوە بە تەواوی گوێڕایەڵ بێت و بەرگەی تووڕەیی ڕاستودروستی خودا بگرێت لە دژی گوناە و لەگەڵ ئەوەشدا بەسەر مردندا زاڵ بێت. عیسای مەسیح خۆی نزم کردەوە بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤ و لە شوێنی ئێمە بمرێت و لەگەڵ ئەوەشدا بە هێزی خۆی وەک خودا گوناە و مردنی شکست پێهێنا، ئەمە تەنها زانینێک نییە بۆ فەلسەفە، بەڵکو بە قوڵی

کاریگەری لەسەر ژیانمان هەیە. ئەوە بنەمای ڕزگاربوونمانە. لە ئایەتەکانی ١ - ٥دا دەبینین کە ئەم ڕاستییە هۆکارێکە تا خۆمان بێ فیز بکەین و خزمەت بە کڵێسا بکەین و گرنگی پێبدەین.

## نوێژ

ئەو شتە چییە لەم بڕگەیە کە بتەوێ لە سەری ستایشی خودا بکەیت؟

---

چ گوناهێک هەیە کە ئەم بڕگەیە ئاماژەی پێکردووە و پێویستە دانیپێدا بنێیت؟

---

ئەمڕۆ بەپێی ئەم بڕگەیە داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ خۆت؟

---

داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ کڵێسا یان ئەندامێکی تری کڵێسا؟

---

نوێژ بۆ چ بێباوەڕێک دەکەیت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت؟

---

ئەمڕۆ دەتوانیت لەسەر چی سوپاسی خودا بکەیت؟

---

## ڕاهێنان لەسەر ئەو ئایەتەی کە بۆ لەبەرکردنە!

فیلیپی ٢: ٣-٤

"هیچ شتێک بە خۆپەرستی و لووتبەرزییەوە مەکەن، بەڵکو بە شێوەیەک بێفیز بن کە بەرامبەرەکەتان لە خۆتان بە باشتر بزانن. تەنها بایەخ بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆتان مەدەن، بەڵکو با هەریەکەتان بایەخ بە بەرژەوەندی خەڵکی دیکەش بدات."

# وانەی ٥

## بێ کەموکوڕی منداڵانی خودا

## فیلیپی ٢: ١٢-١٨

## نوێژکردن پێش خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

دەستی تۆ دروستی کردم و دایڕشتم، تێمبگەیەنە تاکو فێری ڕاسپاردەکانت بم (زەبوورەکان ١١٩: ٧٣).

## پوختەی ئایەتەکان

پۆڵس ڕێنماییان دەکات کە چۆن وەک رۆڵەی خودا لەم جیهانە تاریکەدا بژین. هەروەها بەبیریان دەهێنێتەوە کە خودا تێیاندا کاردەکات بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی خۆی لە ژیانیاندا.

## خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ٢: ١٢-١٨

## وەڵامی ئەم پرسیارانە بنووسە

١. پۆڵس لە ئایەتی ١٢دا چ فەرمانێکیان پێدەدات؟ ئەم فەرمانە مانای چییە؟

________________________________________

________________________________________

________________________________________

٢. چۆن ئایەتی ١٣ هانتان دەدات بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکەی ئایەتی ١٢؟

________________________________________

________________________________________

________________________________________

٣. پۆڵس گوتی کە دڵخۆش دەبێت و ماندووبوونی بۆ ئەوان بەرهەمدار دەبێت ئەگەر "هەموو شتێک بە بێ بۆڵەبۆڵ و شەڕەقسە بکەن." ئەگەر ئەم کارە بکەن، دەبنە منداڵی بێ تاوان و پاکی خودا. بۆڵەبۆڵ و شەڕەقسە نەکردن زۆر گرنگە. ئەو شتانە چین کە تۆ بۆڵەبۆڵ و شەڕەقسەی لەسەر دەکەی؟

---

---

٤. چ بۆچوون یان باوەڕێک لە دڵتدا هەیە کە وا دەکات بۆڵەبۆڵ و شەڕەقسە بکەیت؟

---

---

٥. چۆن باوەڕبوون بە مزگێنی یارمەتیدەرە بۆ ڕاستکردنەوەی دڵی ئەو کەسەی کە وای لێدەکات بۆڵەبۆڵ بکات؟

---

---

## فێرکارییەکی کورت لە ئایەتەکانەوە

**بە توندی دەست بە وشەی ژیانەوە بگرە (چەسپاو بن لە وشەی خودا)**

ئایەتی ١٥-١٦ دەڵێت "لەنێو ئەواندا وەک ئەستێرە لە گەردووندا دەدرەوشێنەوە، کاتێک کە ئێوە دەست بە وشەی ژیانەوە دەگرن." وشەی ژیان وشەی زیندووی خودایە، واتە کتێبی پیرۆز. قسەی خودا بێ هەڵەیە و ڕووناکییە بۆ ژیانمان لەم جیهانە تاریکەدا. گەنجینەی تەواوەتی دانایی ئاسمانییە کە پێمان دەڵێت خودا کێیە، ڕێگای ڕزگاربوون و ژیانی هەتاهەتایی چییە و چۆن بۆ خودا بژین. قسەی خودا ڕۆحمان نوێ دەکاتەوە و هیوا بە ماندووەکان دەبەخشێت و گوناهباران ڕاست دەکاتەوە بۆ ئەوەی دڵسۆز بن بۆ خودا. بۆیە دەبێ وەک باوەڕدارێک  بە توندی دەست بەم وشەیەوە بگرین. بە توندی دەستگرتن بە کتێبی پیرۆزەوە واتا گوێگرتن و خۆشویستن و پاراستنی لە دڵتدا و گفتوگۆکردن لەسەری. هەروەها لەبەرکردن و گوێڕایەڵ بوون و وەرگرتنی وەک وشەی بەهێزی خودای گەورە و دەسەڵاتدار. باوەڕدارێک کە وشەی خودای خۆش نەوێت و گوێڕایەڵی نەبێت وەک باخچەیەکی بێ ئاو وایە لە هاویندا کە وشکبوون و مردنی نزیکە. بەڵام کەسێک کە بە توندی دەست بە وشەی ژیانەوە بگرێت، ئەو کەسەیە کە بە دڵێکی بێفیزەوە گوێی لێ دەگرێت

تاکو ملکەچی بێت، گەشە دەکات و ئەوانی تر بەرەکەتدار دەکات و بەرهەم بۆ خودا دەدات. چۆن دەتوانیت وابکەیت کە لە ژیانتدا بە توندی دەست بە وشەی ژیانەوە بگریت؟

## نوێژ

ئەو شتە چییە لەم بڕگەیە کە بتەوێ ستایشی خودا بکەیت لەسەری؟

---

چ گوناهێک هەیە کە ئەم بڕگەیە ئاماژەی پێکردووە و پێویستە دانیپێدا بنێیت؟

---

ئەمڕۆ بەپێی ئەم بڕگەیە داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ خۆت؟

---

داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ کڵێسا یان ئەندامێکی تری کڵێسا؟

---

نوێژ بۆ چ بێباوەڕێک دەکەیت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت؟

---

ئەمڕۆ دەتوانیت لەسەر چی سوپاسی خودا بکەیت؟

---

## ڕاهێنان لەسەر ئەو ئایەتەی کە بۆ لەبەرکردنە!

فیلیپی ٢: ٣-٤

هیچ شتێک بە خۆپەرستی و لووتبەرزییەوە مەکەن، بەڵکو بە شێوەیەک بێفیز بن کە بەرامبەرەکەتان لە خۆتان بە باشتر بزانن. تەنها بایەخ بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆتان مەدەن، بەڵکو با هەریەکەتان بایەخ بە بەرژەوەندی خەڵکی دیکەش بدات.

# وانەی ٦

## نموونەکان بۆ شوێنکەوتن

## فیلیپی ٢: ١٩-٣٠

## نوێژکردن پێش خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

ڕووت بەسەر خزمەتکاری خۆتدا بدرەوشێنەوە، فێری فەرزەکانی خۆتم بکە (زەبوورەکان ١١٩: ١٣٥).

## پوختەی ئایەتەکان

پۆڵس پلانەکەی بە فیلیپییەکان دەڵێت کە تیمۆساوسیان بۆ دەنێرێت تاکو بزانێت کە چۆنن. هەروەها پێیان دەڵێت کە دۆخی ئەپەفرۆدیتۆس چۆنە کە ناردبوویانە لای پۆڵس بۆ خزمەتکردنی. پۆڵس پێیان دەڵێت کە ئەپەفرۆدیتۆس دەنێرێتەوە بۆ لای ئەوان.

## خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ٢: ١٩-٣٠

## وەڵامی ئەم پرسیارانە بنووسە

١. تیمۆساوس باوەڕدارێکی گەنج بوو بەڵام پێگەیشتوو بوو، لەگەڵ پۆڵس گەشتیان دەکرد بۆ مزگێنیدان. پۆڵس چۆن باسی تیمۆساوس دەکات؟

______________________________

______________________________

٢. لە ئایەتی ٢٥ دا، پۆڵس چۆن وەسفی ئەپەفرۆدیتۆس دەکات؟

______________________________

______________________________

٣. وەسفی پۆڵس بۆ ئەم دوو پیاوە چیمان فێر دەکات دەربارەی ژیانێکی خواییانە؟

______________________________

______________________________

٤. پۆڵس زۆر باسی ئەپەفرۆدیتۆس دەکات و بە فیلیپییەکان دەڵێت ڕێزی لێبگرن. ئەپەفرۆدیتۆس چ جۆرە کارێکی بۆ پۆڵس کرد؟ ئایا ئەویش مزگێنیدەر بووە؟ ئەمە چیمان فێر دەکات سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵکردن لەگەڵ ئەوانەی بە دڵسۆزییەوە خزمەتی کڵێسا دەکەن؟

## فێرکارییەکی کورت لە ئایەتەکانەوە

**خزمەتکردنی ئەوانی تر**

تیمۆساوس و ئەپەفرۆدیتۆس دوو نموونەی جوانی خزمەتکاری مەسیح بوون. خزمەتکاربوون نیشانەی باوەڕە. لە مەتا ٢٠: ٢٦ عیسا فەرموویەتی هەرکەسێک بیەوێت لە نێوانتاندا گەورە بێت، دەبێت خزمەتکاری هەمووان بێت. عیسای پەروەردگارمان خۆی لە مەرقۆس ١٠: ٤٥ فەرموویەتی "من نەهاتووم بۆ ئەوەی خزمەت بکرێم، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووم خزمەت بکەم." عیسا بە نزمکردنەوەی خۆی

و هاتنی بۆ سەر زەوی خزمەتێکی زۆری کردین، ژیانی خۆی کردە قوربانی بۆ گوناهباران تا لێخۆشبوون لە گوناهەکانیان و ژیانی هەتاهەتایی بە دەستبهێنن. کەواتە ئەگەر بمانەوێت شوێنی مەسیح بکەوین و لاسایی ژیانی ئەو بکەینەوە و شکۆمەندی ئەو بە جیهان بناسێنین، ئەوا دەبێت خزمەتکار بین. پێش هەموو شتێک، دەبێت ئێمە خزمەتکاری عیسای مەسیحی پاشامان بین. واتە ئێمە هەوڵدەدەین پابەندی فەرمانەکانی بین و کاربکەین بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی لەسەر زەوی. زۆرێک لە فەرمانەکانی عیسا پەیوەندییان بە خزمەتکردنی کەسانی ترەوە هەیە. بۆیە وەک خزمەتکار، دەبێت پێش خۆمان سەیری بەرژەوەندییەکانی ئەوانی تر بکەین. ئەگەر بمانەوێت خزمەتکار بین، دەبێت بێفیز بین و کات و هێز و توانای ماددی و مەعنەویمان بەکاربهێنین بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر. ئەو باوەڕدارە پێگەیشتوانەی کە خۆ بە گەورەزان نین، بە بێفیزییەوە یارمەتی ئەوانی تر دەدەن تا سۆز و خۆشەویستی خودا بۆ خۆیان ببینن. ئایا گرنگی بە پۆڵس دراوە کاتێک لە زیندان بوو؟ بەڵێ، لە ڕێگەی خزمەتی ئەپەفرۆدیتۆسەوە. بیر لەوە بکەرەوە کە خودا چۆن دەیەوێت تۆ بەکاربهێنێت بۆ گرنگیدان بە کەسانی تر.

## نوێژ

ئەو شتە چییە لەم بڕگەیە کە بتەوێ ستایشی خودا بکەیت لەسەری؟

---

چ گوناهێک هەیە کە ئەم بڕگەیە ئاماژەی پێکردووە و پێویستە دانیپێدا بنێیت؟

---

ئەمڕۆ بەپێی ئەم بڕگەیە داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ خۆت؟

---

داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ کڵێسا یان ئەندامێکی تری کڵێسا؟

---

نوێژ بۆ چ بێباوەڕێک دەکەیت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت؟

---

ئەمڕۆ دەتوانیت لەسەر چی سوپاسی خودا بکەیت؟

---

## ڕاهێنان لەسەر ئەو ئایەتەی کە بۆ لەبەرکردنە!

فیلیپی ۲: ۳-٤

هیچ شتێک بە خۆپەرستی و لووتبەرزییەوە مەکەن، بەڵکو بە شێوەیەک بێفیز بن کە بەرامبەرەکەتان لە خۆتان بە باشتر بزانن. تەنها بایەخ بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆتان مەدەن، بەڵکو با هەریەکەتان بایەخ بە بەرژەوەندی خەڵکی دیکەش بدات.

# کۆبوونەوەی سێیەم

## بێتاوانبوون بە باوەڕ

## فیلیپی ٣: ١-١١

### چاک و چۆنی و گفتوگۆ بکەن و گرنگی بە یەکتر بدەن

- چۆنی باشی؟
- ئەو شتانە چین کە لەم دواییانەدا دڵخۆشی کردوویت؟
- چ شتێکی سەخت و بێزارکەر لە ژیانتدا هەیە لە ئێستادا؟
- هیچ پرسیارێکت بۆ دروست بوو لە وانەکانی ڕابردوو یان خوا هیچ شتێکی گرنگی پیشان دایت لەو وانانەوە؟

## پوختەی ئایەتەکان

پۆڵس هۆشداری دەداتە فیلیپییەکان سەبارەت بەو مامۆستا درۆزنانەی کە پێیان وایە لەبەردەم خودادا راستودرووستن بە جێبەجێکردنی شەریعەت. پۆڵس بانگەوازی باوەڕدارانی فیلیپی دەکات بۆ ئەوەی بە ڕزگاربوونیان شاد و دڵخۆش بن. هەروەها باسی بنەمای ڕزگاربوونی خۆیشی دەکات.

## خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ٣: ١-١١

## پرسیار بۆ گفتوگۆ

١. لە ئایەتی دووەمدا پۆڵس هۆشداری دەداتە فیلیپییەکان لە مامۆستا درۆزنەکان و خراپەکاران. لە ئایەتەکانی ١-١١، پێت وایە فێرکاری هەڵە یان ناڕاستی ئەم خراپەکارانە چی بووە کە پۆڵس دژایەتی دەکات؟ ئایا هیچ فێرکارییەکی درۆینەتان بیستووە کە هاوشێوەی ئەمانە بێت؟

٢. لە ئایەتی حەفتەمدا، ئەو قازانجانە چین کە ڕۆژانێک پۆڵس متمانەی پێی هەبووە تا لەبەردەمی خودا بێتاوان لە قەڵەمبدرێت؟

٣. جگە لە مەسیح چ شتێکی تر هەیە کە شەیتان وامان لێ بکات شانازی پێوە بکەین و هیوامان بخەینە ناویەوە بۆ ئەوەی ببینە جێگەی ڕەزامەندی خودا؟

٤. بۆچی پۆڵس ئەو شتانە بە زیان و بە زبڵ دەزانێت؟

٥. لە ئایەتی یەکەمدا پۆڵس بە فیلیپییەکان دەڵێت شاد بن. چ ڕاستییەک لەم بڕگەیەدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی تۆ دڵخۆش بیت؟

٦. بە پێی ئەم ئایەتانە ڕاستودروستی باوەڕداران لە کوێوە دێت و چۆن بەدەستی دەهێنن؟

٧. ئەم ئایەتانە چۆن کاریگەرییان لەسەر ژیانت هەیە؟ چۆن دەتوانیت ئەم ئایەتانە لە ژیانتدا جێبەجێ بکەیت؟

## فێرکارییەکی کورت لە ئایەتەکانەوە

**ڕزگاربوون بە باوەڕ نەک بە کردار**

لە ئایەتی ٩ پۆڵس دەڵێت: "وەک کەسێک کە لەگەڵ مەسیحدا بووبێتە یەک هەژمارد بکرێم، نەک بە ڕاستودروستی خۆم کە لە شەریعەتەوەیە، بەڵکو لە ڕێگەی باوەڕەوە بە مەسیح، ئەو ڕاستودروستییەی کە لە خوداوەیە و پشت بە باوەڕ دەبەستێت." سەرچاوە و بناغەی ڕزگاربوونمان خودی خۆمان نین، ئەوە عیسایە. مزگێنییەکەی عیسای مەسیح ئەوەیە کە ئێمە نیعمەتی لێخۆشبوون وەردەگرین، یان بە راستودروست دادەنرێین بە باوەڕهێنان بە مەسیح. ئێمە لێبوردن و ڕاستودروستی بەدەست ناهێنین بەو کارەی کە دەیکەین یان بەوەی کە لە چ نەتەوەیەکین. کارە چاکەکانمان بەرهەمی ڕزگاربوونمانە نەک بناغەکەی. ڕزگاری لەلایەن خوداوە دەدرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ کارێکی ڕاستودروست کە کردوومانە، بەڵکو تەنها لە ڕێگەی باوەڕبوون بە مەسیحەوە وەری دەگرین. ئەمە هۆکارێکە بۆ دڵخۆشبوونمان وەک پۆڵس لە ئایەتی یەکەمدا پێمان دەڵێت. ئەگەر کەسێک لە باوەڕدارێک بپرسێت کە هیوای چییە تا بە ڕاستودروست

هەژمار بکرێت و ژیانی هەتاهەتایی بەدەستبهێنێت، وەڵامەکەی ئەوە دەبێت: "بەهۆی ئەوەی عیسا لە پێناوی مندا کردوویەتی!" وەڵامەکەیان ئەوە نییە کە "بەهۆی ئەوەی کە من بۆ عیسا کردوومە." ئەم ڕاستییە گەورەیی عیسا دەردەخات، بۆیە وادەکات دڵخۆش بین و بەروبووم بدەین بۆ خودا.

## پێکەوە نوێژ بکەن

پێش ئەوەی نوێژ بکەن، لە یەکتر بپرسن کە لەسەر چ نوێژ بۆ یەکتری و بۆ کڵێساکەمان بکەین. ئێستا پێکەوە نوێژ بکەن. هەردووکتان نەک تەنها یەکێکتان.

## ئایەتی لەبەرکراو

بە یەکتری بڵێن: فیلیپی ٢: ٣-٤ت لەبەرکردووە؟

ئەوەی خوارەوە ئایەتی داهاتووە بۆ لەبەرکردن...

فیلیپی ٤: ٦-٧

نیگەران مەبن، بەڵکو با لە هەموو شتێکدا داواکاریتان بە نوێژ و پاڕانەوە و سوپاسگوزارییەوە لەلای خودا زانراو بێت. ئاشتی خوداش، ئەوەی بەرزترە لە هەموو تێگەیشتنێک، دڵ و بیرتان بە یەکبوونتان لەگەڵ عیسای مەسیحدا دەپارێزێت.

## دواتر چی؟

سێ وانەی داهاتوو بە تەنیا لە ماڵەوە ئەنجام بدە و دواتر جارێکی تر کۆببنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کۆبوونەوەی ٤.

# وانەی ٧

## کۆشش بەرەو ئامانج

## فیلیپی ٣: ١٢-١٦

## نوێژکردن پێش خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

تێمبگەیەنە و فێرکردنت پەیڕەو دەکەم، بە هەموو دڵەوە گوێڕایەڵی دەبم. (زەبوورەکان ١١٩: ٣٤)

## پوختەی ئایەتەکان

پۆڵس باس لەوە دەکات کە چۆن کۆشش بکەن بە ئامانجی ژیان لەگەڵ خودا بۆ هەمیشە، داوا لە خەڵکی فیلیپی دەکات کە هەمان شت بکەن.

## خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ٣: ١٢-١٦

## وەڵامی ئەم پرسیارانە بنووسە

١. ئەو ئامانجە چییە کە پۆڵس لە ئایەتی ١٢ و ١٤دا باسی دەکات سەبارەت بە کۆششکردن بەرەو ئامانج؟

______________________________________

______________________________________

٢. چۆن عیسا ئەم ئامانجەی بۆ ئێمە بەدەستهێنا؟

______________________________________

______________________________________

٣. بەپێی ئەم ئایەتانە ئەم ڕاستییە چۆن کاریگەری لەسەر ژیانی پۆڵس هەبووە؟ ئەم ڕاستییەی کە عیسای مەسیح پێشتر خەڵاتەکەی بۆ ئامادەکردووە بەڵام هێشتا بە تەواوی وەری نەگرتووە.

______________________________________

______________________________________

______________________________________

## فێرکارییەکی کورت لە ئایەتەکانەوە

**پێشوەختە وەرگیراوە، بەڵام بەتەواوی بەدەست نەهاتووە**

لە ئایەتی ١٢دا پۆڵس دەڵێت کە هێشتا هەموو ئەمانەی بە دەست نەهێناوە و نەگەیشتووەتە ئامانجەکەی. هەموو ئەمانە یان ئامانجەکەی ئاماژەیە بۆ هەستانەوە لە نێوان مردووان کە لە ئایەتی ١١دا باسکراوە، واتە پۆڵس هێشتا لە مردنەوە نەڕۆیشتووە بۆ ژیانی هەتاهەتایی تا هەرگیز ئەزموونی مردن نەکاتەوە و بۆ هەمیشە لەگەڵ خودا بژی بە ئاشتییەکی تەواو. لە ئایەتی ١٢دا دەڵێت کە کۆشش دەکەم بۆ ئەوەی ئەوە بەدەستبهێنم کە عیسای مەسیح بۆ منی بەدەستهێناوە، واتە ژیانی هەتاهەتایی، لە شانشینی خودادا. هەروەها پۆڵس دەڵێت کە عیسا پێشتر ئەمەی بۆ بەدەستهێناوە. واتە عیسا پێشتر ڕزگاری کردووە و کردوویەتی بە هاوڵاتی شانشینی خودا. ئێمەی باوەڕداران بە مانایەک لە ماناکان ژیانی هەتاهەتاییمان بەدەستهێناوە. عیسای مەسیح ئێمەی بێتاوان کردووە، ئێمەی لەگەڵ خۆیدا یەکخستووە، شوێنێکی لە بەهەشتدا بۆ ئامادە کردووین، ژیانمان لەگەڵ مەسیح دەستی پێکردووە، ئێمە دەیناسین. بەڵام بە مانایەکی تریش، ئێمە هێشتا بە تەواوی بە دەستمان نەهێناوە، بە تەواوی بە دەستی ناهێنین تا ئەو ڕۆژەی کە دەمرین یان عیسای مەسیح دەگەڕێتەوە. ئێمە لە گوناه ڕزگارمان بووە، بەڵام هێشتا

دەکەوینە ناو گوناهەوە. ئێمە ئێستا مەسیح دەناسین، بەڵام بە چاو نەمانبینیوە. ڕۆژێک دێت بە تەواوی لە شکۆمەندیدا دەیناسین کاتێک ڕووبەڕووی ئەو رادەوەستین و بە چاوی سەر دەیبینین. کەواتە چۆن تا هاتنی ئەو کاتە و ژیان لە شانشینی خودادا لەم جیهانەدا بژین؟ دەبێت ئێمە تەمبەڵ نەبین، بەڵکو دەبێت خۆڕاگر دەبین. ئایەتی ١٦ دەڵێت: "با دەست بەوەوە بگرین کە بەدەستمان هێناوە”. هاوباوەڕان، با دڵنیابین لەوەی کە عیسا بۆی کردوین و هەوڵبدەین خەڵاتەکەمان بەدەستبهێنین و لە ڕۆژی کۆتاییشدا گوێبیستی وشەکانی خودا بین، “باشت کرد، ئەی بەندەی باش و دڵسۆز."

## نوێژ

ئەو شتە چییە لە بڕگەکەتەوە کە بتەوێ ستایشی خودا بکەیت لەسەری؟

---

چ گوناهێک هەیە کە ئەم بڕگەیە ئاماژەی پێکردووە و پێویستە دانیپێدا بنێیت؟

---

ئەمڕۆ بەپێی ئەم بڕگەیە داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ خۆت؟

---

داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ کڵێسا یان ئەندامێکی تری کڵێسا؟

---

نوێژ بۆ چ بێباوەڕێک دەکەیت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت؟

---

ئەمڕۆ دەتوانیت لەسەر چی سوپاسی خودا بکەیت؟

---

## ڕاهێنان لەسەر ئەو ئایەتەی کە بۆ لەبەرکردنە!

فیلیپی ٤: ٦-٧

نیگەران مەبن، بەڵکو با لە هەموو شتێکدا داواکاریتان بە نوێژ و پاڕانەوە و سوپاسگوزارییەوە لەلای خودا زانراو بێت. ئاشتی خوداش، ئەوەی بەرزترە لە هەموو تێگەیشتنێک، دڵ و بیرتان بە یەکبوونتان لەگەڵ عیسای مەسیحدا دەپارێزێت.

# وانەی ٨

## لاساییکردنەوەی ژیانی باوەڕدارانی پێگەیشتوو

## فیلیپی ٣: ١٧-٢١

### نوێژکردن پێش خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

یاساکانت هەتاهەتایە ڕاستودروستن، تێمبگەیەنە بۆ ئەوەی بژیم. (زەبوورەکان ١١٩: ١٤٤)

### پوختەی ئایەتەکان

پۆڵس داوایان لێدەکات کە خۆڕاگر بن و شوێن نموونەی ئەو بکەون وەک کەسێک کە بەپێی فەرمانەکانی مەسیح دەژییێت. جیاوازی نێوان باوەڕداران و بێباوەڕەکان دەکات لەگەڵ باسکردنی ئەو هیوایەی کە باوەڕداران بەهۆی مەسیحەوە هەیانە.

### خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ٣: ١٧-٢١

## وەڵامی ئەم پرسیارانە بنووسە

١. لە ئایەتی ١٧دا پۆڵس داوا لە باوەڕدارانی فیلیپی دەکات بۆ ئەوەی شوێن نموونەی ژیانی مەسیحیانەی ئەو بکەن. هەبوونی نموونەیەکی خواپەرستانە بۆ لاساییکردنەوە دیارییەکی ناوازەیە لەلایەن خوداوە، چونکە یارمەتیدەرمان دەبێت لە شوێکەوتنی مەسیح. ئایا یەک دوو کەس هەن کە ئەوەندە پێگەیشتووبن کە بتەوێت لاسایی ژیان و باوەڕیان بکەیتەوە لە شوێنکەوتنی مەسیح؟ ئەو ڕێگایانە چین کە حەز دەکەیت لە رێگەیەوە لاسایی ژیانیان بکەیتەوە؟

___

___

___

٢. لە ئایەتەکانی ١٨-٢٠دا، پۆڵس جیاوازی دەکات لە نێوان ئەوانەی کە سەر بە مەسیحن و ئەوانەشی کە سەر بە مەسیح نین. پۆڵس چۆن باسی ئەم دوو جۆرە کەسانە دەکات؟

___

___

___

٣. چۆن ئەم ئایەتانە هانت دەدات کە خۆڕاگر بن لەسەر شوێنکەوتنی عیسا؟

---

---

---

## فێرکارییەکی کورت لە ئایەتەکانەوە

### زیندووبوونەوەی جەستەیی

ئایەتی ٢١ پێمان دەڵێت کە عیسای مەسیح "ئەوەی جەستەی کەساسمان بۆ وێنەی لەشی شکۆداری خۆی دەگۆڕێت." لە سێیەم ڕۆژی دوای مردنی، عیسا لە مردن هەستایەوە. جەستەی زیندوو بووەوە، و گۆڕا بۆ جەستەیەکی نوێ و ڕۆحی. ئایەتی ٢١ و چەند شوێنێکی تر لە کتێبی پیرۆزدا (بۆ نموونە یەکەم کۆرنسۆس ١٥)، فێرمان دەکات کە کاتێک عیسای مەسیح دەگەڕێتەوە، حوکمی هەموو کەسێک دەدات و بە تەواوی حوکمڕانی هەمیشەیی خۆی لەسەر زەوییەکی نوێ (جیهانێکی نوێ) جێگیر دەکات. هەروەها لەو کاتەدا "جەستەی ڕۆحی" نوێ بە باوەڕداران دەبەخشێت وەک جەستەی شکۆمەندی زیندووبووەوەی عیسای مەسیح. دوای مردن و دوای گەڕانەوەی عیسای مەسیح، ئێمە تەنها ڕۆحێک

نابین کە لە ئاسماندا دەسوڕێتەوە. نەخێر، خودا جەستەی ڕۆحی نوێمان پێدەبەخشێت. ئەم جەستە نوێیە هەرگیز پیر نابێت و لەناوناچێت، بەڵکو کامڵ و دوور لە ئازار دەبێت. ئێمە زەوییەکی کامڵ و بێ کەموکوڕی بە میرات دەگرین کە لە ژێر باری گوناهدا نییە و بۆ هەمیشە تێیدا لەگەڵ هەموو باوەڕداران و عیسای پاشامان دەژین. ئێستا لە جیهانێکداین "زۆرێک وەک دوژمنی خاچەکەی مەسیح دەژین." بێ هیوا مەبە و لەبیرت بێت کە هاووڵاتیبوونت لە بەهەشتدایە. مردن ناتوانێت باوەڕدار لەناو ببات. مردن تەنها ڕێگایەکە تا باوەڕدار بباتە لای عیسای مەسیح تا لەوێ بۆ هەمیشە لە ئاشتی و خۆشییەکی کامڵدا بژیەت.

## نوێژ

ئەو شتە چییە لە بڕگەکەتەوە کە بتەوێ ستایشی خودا بکەیت لەسەری؟

---

چ گوناهێک هەیە کە ئەم بڕگەیە ئاماژەی پێکردووە و پێویستە دانیپێدا بنێیت؟

---

ئەمڕۆ بەپێی ئەم بڕگەیە داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ خۆت؟

---

داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ کڵێسا یان ئەندامێکی تری کڵێسا؟

---

نوێژ بۆ چ بێباوەڕێک دەکەیت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت؟

---

ئەمڕۆ دەتوانیت لەسەر چی سوپاسی خودا بکەیت؟

---

## ڕاهێنان لەسەر ئەو ئایەتەی کە بۆ لەبەرکردنە!

فیلیپی ٤: ٦-٧

نیگەران مەبن، بەڵکو با لە هەموو شتێکدا داواکاریتان بە نوێژ و پاڕانەوە و سوپاسگوزارییەوە لەلای خودا زانراو بێت. ئاشتی خوداش، ئەوەی بەرزترە لە هەموو تێگەیشتنێک، دڵ و بیرتان بە یەکبوونتان لەگەڵ عیسای مەسیحدا دەپارێزێت.

# وانەی ٩

## بە عیسای خاوەن شکۆ دڵشاد بن

فیلیپی ٤: ١-٩

## نوێژکردن پێش خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فێرم بکە بە ڕەزامەندیی تۆ کار بکەم، چونکە تۆ خودای منی. با ڕۆحە چاکەکەت ڕێنماییم بکات لە زەوییەکی ڕاست. (زەبوورەکان ١٤٣: ١٠)

## پوختەی ئایەتەکان

پۆڵس داوا لە خەڵکی فیلیپی دەکات کە لە مەسیحدا چەسپاوبن و لەگەڵ یەکتریشدا نەرم و نیان بن نوێژ بکەن و بیر لە هەموو شتێکی راست بکەنەوە.

## خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ٤: ١-٩

## وەڵامی ئەم پرسیارانە بنووسە

١. لە ئایەتەکانی ٤-٥ پۆڵس چ فەرمانێک دەدات؟

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

٢. چۆن ئەو ڕاستییەی کە "هاتنەوەی پەروەردگار نزیکە" (کە لە ئایەتی ٦ باسکراوە)، پاڵنەرێکە بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانانە؟

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

٣. ئایەتی ٦-٧ چیت فێر دەکات دەربارەی نوێژ؟ بۆ نموونە کەی دەبێ نوێژ بکەیت؟ ئەنجامی نوێژ چییە؟

______________________________________________

______________________________________________

٤. له ئایەتی هەشتەمدا پۆڵس داوا له باوەڕداران دەکات که بیر له شته باش و ڕاستەکان بکەنەوە. واته ئێمه له تەماح و شەهوەت یان هەر شتێکی تر که ببێته هۆی بێڕێزیکردن به خودا دوور دەکەوینەوە. ڕاسته که کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوەکانمان قورسه چونکه له کەسانی تر شاراوەن. بەڵام بیرکردنەوەکانمان لای خودا زانراوە. کەوایه چۆن بیرکردنەوەت باشتر دەکەیت بۆ ئەوەی تەنها بیر لەو شتانه بکەیتەوە که جێگەی ڕەزامەندی خودان؟

---

---

---

## فێرکارییەکی کورت له ئایەتەکانەوە

**یەکێتی کڵێسا**

له ئایەتی دووەمدا پۆڵس له دوو خاتوونی کڵێسای فیلیپی دەپاڕێتەوە که هاوبیر بن. ئێمه نازانین ناکۆکییەکانیان چی بووە، بەڵام ڕوونه که پۆڵس ئارەزووی ئەوە دەکات که ئەوان ئاشت ببنەوە و به ئاشتی بژین. پاراستنی یەکێتی کڵێسا یەکێکه له گرنگترین شتەکان بۆ خودا، بۆیه پێویسته بۆ ئێمەش گرنگ بێت. بەڵام با بپرسین چۆن یەکێتیمان له

مەسیحدا دیارە؟ یەکێک لە ڕێگا سەرەکییەکان لە ڕێگەی خۆشویستنی باوەڕدارانەوەیە کە لە کڵێسای خۆجێی تۆن. نیعمەتێکی چەند شیرینە کاتێک لەگەڵ خوشک و براکانمان لە مەسیحدا بە ئاشتی دەژین. یەکێتیمان تەنها بۆ سوودی خۆمان نییە، بەڵکو گرنگە بۆ راگەیاندنی ئینجیل بە کەسانی دیکەش. یەکگرتوویی ئێمە خۆشەویستی مەسیح پیشانی جیهان دەدات. یەکێک لەو ڕێگا سەرەکیانەی کە شەیتان بەکاری دەهێنێت بۆ هەوڵدان بۆ لەناوبردنی کڵێسا، ئەوەیە کە ئەندامەکان لەگەڵ یەکتردا مشتومڕ بکەن و قسە لەسەر یەکتر بکەن و متمانە بە یەکتر نەکەن و گرنگی بە یەکتر نەدەن. با نەهێڵین شەیتان سەرکەوتوو بێت، با لە کەسانی تر خۆش بین وەک چۆن مەسیح لێمان خۆش بووە. دەمەوێ بپرسم هیچ ناکۆکییەکی چارەسەرنەکراوت هەیە لەگەڵ باوەڕدارانی تر کە پێویست بکات ئاشت ببیتەوە لەگەڵی؟ ئایا هیچ دڵڕقییەکت هەیە بەرامبەر بە باوەڕدارێکی تر؟ ئەگەر هەیە، لێت دەپاڕێمەوە، ئاشت ببنەوە و هاوبیر بن، چونکە ئەمە خودا ڕازی دەکات.

## نوێژ

ئەو شتە چییە لە بڕگەکەتەوە کە بتەوێ ستایشی خودا بکەیت لەسەری؟

---

چ گوناهێک هەیە کە ئەم بڕگەیە ئاماژەی پێکردووە و پێویستە دانیپێدا بنێیت؟

---

ئەمڕۆ بەپێی ئەم بڕگەیە داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ خۆت؟

---

داوای چی لە خودا دەکەیت بۆ کڵێسا یان ئەندامێکی تری کڵێسا؟

---

نوێژ بۆ چ بێباوەڕێک دەکەیت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت؟

---

ئەمڕۆ دەتوانیت لەسەر چی سوپاسی خودا بکەیت؟

## راهێنان لەسەر ئەو ئایەتەی کە بۆ لەبەرکردنە!

فیلیپی ٤: ٦-٧

نیگەران مەبن، بەڵکو با لە هەموو شتێکدا داواکاریتان بە نوێژ و پاڕانەوە و سوپاسگوزارییەوە لەلای خودا زانراو بێت. ئاشتی خوداش، ئەوەی بەرزترە لە هەموو تێگەیشتنێک، دڵ و بیرتان بە یەکبوونتان لەگەڵ عیسای مەسیحدا دەپارێزێت.

# کۆبوونەوەی چوارەم

## رازیبوون

## فیلیپی ٤: ١٠-٢٣

**چاک و چۆنی و گفتوگۆ بکەن و گرنگی بە یەکتر بدەن**

- چۆنی باشی؟
- ئەو شتانە چین کە لەم دواییانەدا دڵخۆشی کردووی؟
- چ شتێکی سەخت و بێزارکەر لە ژیانتدا هەیە لە ئێستادا؟
- هیچ پرسیارێکت بۆ درووست بوو لە وانەکانی ڕابردوو یان خوا هیچ شتێکی گرنگی پیشان دایت لەو وانانەوە؟

## پوختەی ئایەتەکان

پۆڵس سوپاسی باوەڕدارانی فیلیپی دەکات کە پشتگیریان کردووە و پێداویستییەکانی ئەویان دابین کردووە لەکاتێکدا کە لە خزمەتدا بووە.

## خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

فیلیپی ٤: ١٠-٢٣

## پرسیار بۆ گفتوگۆ

١. ئایەتی ١٣ ئایەتێکی زۆر بەناوبانگە لای باوەڕداران. بەڵام زۆر کەس تەنها ئەم ئایەتە دەزانن و ئەو ئایەتانە نازانن کە پێش ئەو ئایەتە دێن. ئەگەر تەنها سەیری ئایەتی ١٣ بکەیت لەوانەیە پێت وابێت مانای ئەوەیە کە باوەڕدار دەتوانێت هەر شتێک بیەوێت لە ڕێگەی خوداوە بیکات. بەڵام ئەگەر ئایەتەکانی ١٠-١٢ لەبەرچاو بگرین، ئەوا ئایەتی ١٣ مانای چی دەگەیەنێت؟

٢. ئایا هیچ بوارێک لە ژیانتدا هەیە کە ئێستا لێی ناڕازی بیت؟ چۆن ڕاستی ئەم ئایەتانە و پەیامی ئینجیل یارمەتیت دەدات لە دۆخەکەتدا ڕازی و ئاسوودە بیت؟

٣. لە ئایەتەکانی ١٤-١٩، پۆڵس سوپاسی باوەڕدارانی فیلیپی دەکات کە پشتگیریان کردووە کاتێک لە گەشت بووە بۆ مزگێنیدان، هەروەها ئەو کاتانەش کە لە زینداندا بووە. خودا بەخشندەیی کڵێسای فیلیپی بەکارهێنا بۆ گرنگیدان بە پۆڵس. لەم ئایەتانە چی فێردەبیت دەربارەی بەخشین؟

٤. چۆن ئینجیلی عیسای مەسیح پاڵنەرمانە بۆ ئەوەی گەلێکی بەخشندە و ئامادە بین بۆ خزمەتکردنی ئەوانی تر؟

٥. ئایا بە بەردەوامی دەبەخشیت بە کڵێسا؟ چۆن بڕیار دەدەیت کە بڕی چەند بدەیت؟

٦. لە ئایەتەکانی ٢١-٢٣ پۆڵس سڵاو بۆ کەسانی جیاواز دەنێرێت. پۆڵس ئەم نامەیە دەنووسێت بۆ هاندانی باوەڕدارانی فیلیپی. لە بەشی سێیەمدا، پۆڵس گوتی کە دەیەوێت تیمساوس بنێرێت بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی باوەڕدارانی فیلیپی. پۆڵس بە ڕوونی هەوڵی دەدا ئاگاداری دۆخی باوەڕداران بێت. لەم نموونەیەدا چی فێردەبین سەبارەت بە مانەوە لە پەیوەندیدا لەگەڵ باوەڕدارانی تر؟

## فێرکارییەکی کورت لە ئایەتەکانەوە

**بەخشین**

پۆڵس سوپاسی باوەڕدارانی فیلیپی دەکات کە پارەیان پێ بەخشیوە تا بتوانێت ئینجیل لە ناوچەکانی تر بڵاوبکاتەوە. هەروەها سوپاسیان دەکات لەسەر ئەوەش کە لە ماوەی زینداندا پاڵپشتییان کردووە. لەم ئایەتانەدا دەبینین باوەڕداران لە ڕێگەی پۆڵسەوە بەخشین دەدەن بۆ پشتگیریکردنی کاری خزمەت و بڵاوکردنەوەی مزگێنی. بەرپرسیارێتی پشتگیریکردنی کڵێسا بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی مەسیح لەسەر گەلی خودایە (وەک باوەڕدارانی فیلیپی)، نەک لەسەر حکومەتەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان. خودا

ئێمەی باوەڕدارانی بانگ کردووە بۆ ئەوەی بە بەردەوامی ببەخشین بەپێی داهات و توانامان، بێگومان ئەمەش بە دڵخۆشییەوە نەک بە دڵتەنگی و بە ناچاری. بەخشینی بەشێک لە داهاتەکەمان بە کڵێسا ڕێگایەکە بۆ پەرستنی خودا. لە کتێبی پیرۆزدا چەندین بەڵێن و نیعمەتی گەورە هەیە بۆ ئەوانەی کە لە دڵەوە دەبەخشن. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئێمە بۆچی دەبەخشین؟ ئێمە پارە خەرج دەکەین لەو شتانەی کە بە بەهاداری دەزانین. ئێمە سەلاجە دەکڕین، چونکە گرنگە بۆ هەڵگرتنی خۆراکی رۆژانە تێیدا. ئایا کاری خودا لە ڕێگەی کڵێساکەتەوە بە بەهادار دەزانیت؟ ئەگەر وایە، پێویستە پشتگیری کڵێسا بکەین وەک ڕێگەیەک بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و سوپاسگوزاری و پەرستنمان بۆ خودا. لەبیرت بێت ئێمە دەبەخشین چونکە خودا پێی بەخشیوین. کوڕی خۆی پێداوین. کەواتە لە کاتی بەخشیندا با سەیری ئەوە بکەین کە خودا چۆن بەرەکەتی ئەو بەخشینەمان بەکاردەهێنێت بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی، هەروەک چۆن خودا ٥ نان و دوو ماسی زۆر زیاد کرد بۆ خۆراکدان بە هەزاران کەس، ئاواش بەرەکەتی بەخشینمان زیاد دەکات.

## پێکەوە نوێژ بکەن

پێش ئەوەی نوێژ بکەن، لە یەکتر بپرسن کە چۆن و لەسەرچی نوێژ بۆ یەکتری بکەن. هەروەها باس لەوە بکەن کە چۆن و لەسەرچی نوێژ بۆ کڵێساکەمان بکەین. ئێستا پێکەوە نوێژ بکەن، هەردووکتان نەک تەنها یەکێکتان.

## ئایەتی لەبەرکراو

بە یەکتری بڵێن کە فیلیپی ٤: ٦-٧ت لەبەرکردووە؟

## دواتر چی؟

ئەو سوودەی کە بینیوتە لەگەڵ باوەڕدارێکی تر بە هەندی وەربگرە. هانتان دەدەم بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن بتوانن بەردەوام بن لە کۆبوونەوە لەگەڵ باوەڕدارێکی تر بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و نوێژکردن و هاندانی یەکتری.

ئەم نامیلکەیە بەرنامەیەکی ٤ هەفتەیی لەخۆدەگرێت لەسەر بنەمای سیپارەی فیلیپی. وانەکانی ئەم نامیلکەیە بەش بە بەش فیلیپی ڕوون دەکاتەوە. هەموو وانەیەک پرسیار بۆ وردبوونەوە و فێرکاریەکی کورت و خشتەیەک بۆ نوێژکردن لە خۆدەگرێت. مەبەست لەم نامیلکەیە ئەوە نییە کە بە تەنیا بیخوێنیتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە لەگەڵ یەک دوو هاوباوەڕدا بیخوێنن و یەکتری بە قوتابی بکەن.

جۆزێف کارۆڵ یەکێکە لە شوانەکانی کڵێسای ئیمانوێلی ئینجیلی لە هەولێر. ساڵانێکی زۆرە لە هەولێر دەژییێت لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی. دکتۆرای هەیە لە ئەندازیاری میکانیکی. چەندین ساڵ وەک مامۆستای زانکۆ کاری کردووە پێش ئەوەی کە ببێتە شوانی کڵێسا.

دابینکردنی سەرچاوە بۆ یارمەتیدانی باوەڕداران و کڵێساکان بۆ ژیان بە دڵسۆزی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز

دڵسۆزی